

## سەردانی پارتی یەکێتی کوردی سوریا لە پێوەندییەکانی سازمانی خەبات لە سلێمانی

سەر لەبەیانی رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ٢٠٠٨/٥/٢٢ شاندێکی پارتی یەکێتی کوردی سوریا بە سەرۆکایەتی بەرێز عەبدولباقی یوسف ئەندامی دەفتەری سیاسی سەردانی بارەگای پێوەندییەکانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێرانیان لەشاری سلێمانی کرد و بە گەرمی لەلایەن بەرێز سەید کامیل چاپاش ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی پێوەندی سلێمانی و ئەبوبەکر نادریەوە پێشوازیان لێکرا. ئەو سەردانە کە ٢ سەعاتی خایاند لە چەندین تەوەرە وەك رەوشی ناوچە و جیهان و بارودۆخی کوردان و وەزعیەتی رژیمەکانی ئێران و سوریە و یەکێتی نێوان هێز و لایەنە سیاسیە کوردییەکان ئالوگۆری بیروڕا کرا. لەکۆتایی ئەو دیدارە دا باس لەوە کرا کە پێوەندییەکانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران و پارتی یەکێتی کوردی سوریا قوولتر و پتەوتر بکرێ و دوو لایەن هاوکارییان لەگەڵ یەکدی زیاتر بکەن.

**سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران**

**پێوەندی سلێمانی**

**٢٠٠٨/٥/٢٢**